کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-12-2007 0:34 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**سۆزی باران ... بەندی عەلی**

نم نم باران ئەبارێ
ئای لەسەیلی یاددگار
لەگەڵ فرمێسکی ئەوا
ئەمیش بەخوڕ دێتەخوار

نم نم باران ئەبارێ و
لەگەڵیا سۆز لەچاوم
ئەو لەگریانی هەورو
ئەم لەقوڵپی هەناوم

ئەو پەرۆشی ژووانی
خاک و خۆڵ و گەڵایە
ئەمیان دەریایە ڕازو
نهێنی عیشقی تیایە

ئەی ڕۆژانی مناڵی
ئەی مەلی گەردن بەخاڵ
ئەی هاوسەفەری باران
پریاسکەی پڕی خەیاڵ
تەنیا لەگەڵ بارانا
تۆ بەسەرما دائەکەی
لەگەڵ خرێنگەی ئەوا
تۆش مەیلی سەمائەکەی

نم نم باران ئەبارێ و
لەگەڵیا سروە بایە
وەکو حەیران و بەستەی
لایلایەکانی دایە
ئاوازێکی تەڕو پڕ
بەنێو ڕوحما گەشت ئەکا
تام و بۆن و بەرامی
لەمیوەی بەهەشت ئەکا

بۆیە لەگەڵ بارانا
منیش نم نم ئەبارێم
کاتێ ئەگەین بەیەکتر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-12-2007 0:34 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

ئەو ئەڕژێت ومن ئەڕوێم

من و بارانی شەیدا
ڕازی دڵمان تێکەڵە
لەمن بەڵێنی شیعرێ
لەویش مژدانەی پەڵە

- ئەڵمانیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.